لیژنەی دارایی پەرلەمان: خشتەکانی تایبەت بە بودجەی ساڵی 2024هیچ دەستکاریکردنێکی سیستمی پلەبەندی مووچەی تێدا نییە

لیژنەی دارایی لە ئێنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایکرد، خشتەکانی تایبەت بە بودجەی ساڵی 2024، هیچ جۆرە دامەزراندنێک و دەستکاریکردنێکی سیستمی پلەبەندی مووچەی تێدا نییە.

مستەفا کەرعاوی، ئەندامی لیژنەی دارایی ئێنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ئەو خشتانەی کە تایبەتن بە بودجەی ساڵی 2024 و لایەن حکومەتەوە ڕەوانە کراوە، بە هیچ شێوەیەک دەستکاریکردنی سیستمی پلەبەندی موچەی تێدا نییە.

کەرعاوی لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، پلەبەندیی موچە، پێویستی بە یاسایەکی تایبەت جیا لە بودجە ڕەوانە بکرێت، ئەو بابەتەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتدایە بە تەنها، چونکە ئێنجوومەنی نوێنەران هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران.

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی ئاشکرایکرد، خشتە نەردراوەکانی یاسای بودجە، هیچ جۆرە دامەزراندنێکی نوێ لەخۆ ناگرێت، بە تایبەت لە ساڵی بەرزبوونەوەی بودجەی بەکاربردن و کورتهێنانی بودجە، بۆیە

حکومەت پێنای بردوو، بۆ کاراکردنی کەرتی تایبەت، بۆ دڵنیاوونی هەڵیکار.